www.kurdistannet.org
22-10-2007 23:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەندامانی پەرلەمان بەنوێنەری خۆم نازانم ... قوتابیەکی کۆلیژی یاسا

من وەکو ئەندامێك لە کۆمەڵگای کوردی و وڵات و خاکی کوردستان زۆر بە ئەمەك و گەشبینم کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ متمانەم بەرەو زیادبوون بێت سەبارەت بە کۆك بونی دەسەڵات و لایەنەکان و ئەو سیستمە سیاسیەی کە وڵات بەڕێوەدەبات، بەڵام جێگای داخە ئێمە ناتوانین هەموو کات ئەو شتانە ببینین کە پێویستن، وەکو ئەو پرۆگرام و بەرنامە ڕێژیەی کە حکومەت دەیکات بۆ بەرژەوەندی گشتی.، کام بەرژەوەندی!

من وەکو قوتابیەك لە زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلێژی یاسا بۆ زیاتر ڕۆشنبوونەوەی خۆم سەبارەت بە یاسایی بوونی کارەکانی حکومەت و ئاشنابوونی ئەو خەڵکە شایستانەی کەوا بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵیان بەدەستە و هەر کاتێك کەوا بزانم کۆبونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە شاشەی TV لە ماڵەوە دەبینم ئەوا ئەو کاتەی بۆ تەرخان دەکەم.

دوا بە دوای سەیر کردون و گوێگرتن و شیکردنەوەی تایبەتی خۆم بۆ ئەم تەلارەو ئەندامە دڵسۆزەکانی ناو تەلارەکە کەگوایە هەموو کات بیرکردنەوەکانیان هەر بەلای بەرژەوەندی گشتیدا دەچێتەوەو ئەوان هەموو کات خۆیان بە نوێنەرو ئاوێنەی تاکەکانی کۆمەڵ دەزانن، بەڵام وەکو خۆم هیچ کات ئامادەنیم کە ڕێژەی 85% ی ئەندامانی پەرلەمان بە نوێنەری خۆم بزانم، هەر لەبەر ناوی خۆم و ناسنامەی بچووکی خۆم و گەورەی و دێرینی خەباتی وڵاتەکەم و گەورە پیاوانی خەباتگێری وڵاتەکەم، گەر لە هیچ شوێنێکیش نەبێت هەر لەناو برادەرانم!!

کوا بەرژەوەندیە گشتیەکان؟

کوا شەڕەکانیان لەسەر مافی هیچ نا، تاکێك؟

کوا شێوازی دەنگدانیان؟

کوا توانای یاسایی هیچ یەك لە بڕیارەکان؟

کوا ئاستی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی؟

کوا هەر هیچ نا لەبەر شاشەی TV و ڕاگەیاندن ڕێزیان بەرامبەر بە یەکتر؟

ئی دەهاو نیشتمان و هاوخاك و هاوخەبات و هاو نەتەوەو هاوڕێیانم با بەیەکەوە وەڵامی ئەم کورتە پرسیارانە بدەینەوە بۆ ئەوەی ئەنجامێك بەدەست بهێنین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.